## یاسای ژمارە (  )ی ساڵی ٢٠٢١

## یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازیی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٨ی هەموارکراو

## لە هەرێمی کوردستان – عێراق

ماددەی (١):

یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازیی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاوی عێراقی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٨ی هەموارکراو، بەرکار دەکرێت لە هەرێمی کوردستان – عێراق و پیادەکردنی هەموار دەکرێت.

ماددەی (٢):

پیادەکردنی بەندی (دووەم) لە ماددەی (٤)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**(دووەم**: پێکهاتە کارگێرییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەت بە پێڕەوێك دیار دەکرێت کە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کورستان – عێراق لەسەر پێشنیاری وەزیر دەری دەکات).

ماددەی (٣):

پیادەکردنی ماددەی (٧)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**(یەکەم**: مەرجە لەو کەسە سروشتییەی داواکاری پێشکەش دەکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندن یان بوونە خاوەنی پڕۆژەیەکی پیشەسازی خاوەن لێهاتوویی تەواو بێت بێجگە لەوەی خاوەندارێتیی پڕۆژەکەی بە میرات بۆ گواسترا‌وەتەوە.

**دووەم**: مەرجە لەو کەسە مەعنەوییەی داواکاری پێشکەش دەکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندن یان بوونە خاوەنی پڕۆژەیەکی پیشەسازی، بەپێی یاسا دامەزراو و مۆڵەتدراو بێت).

ماددەی (٤):

پیادەکردنی بەندی (پێنجەم) لە ماددەی (٨)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(**پێنجەم**: وەزارەتی پلاندانان دیارکردنی شارە پێشکەوتووەکان و ئەوانەی کەمتر پێشکەوتوون و لادێ و گوندە دووردەستەکان بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە لەئەستۆ دەگرێت).

ماددەی (٥):

پیادەکردنی هەردوو بەندی (سێیەم) و (چوارەم) لە ماددەی (٩)ی یاساکە رادەگیرێت، و پیادەکردنی بەندی (دووەم)ی ماددەکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(**دووەم**: وەزارەتەکانی ناوخۆ، و بازرگانی و پیشەسازی، و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، و پلاندانان، هەڵدەستن بە دیارکردنی پێگەکانی پیشەسازییەکان بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرکارە پەیوەندارەکان و بۆ هەر پارێزگایەك لە دەرەوەی سنووری ماستەر پلانی شارەکان).

ماددەی (٦):

یەکەم: پیادەکردنی بەندی (دووەم) لە ماددەی (١٣)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دووەم: سەرپێچیکار بەپێبژاردنێك سزا دەدرێت کەمتر نەبێت لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار و زیاتر نەبێت لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار ئەگەر لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی دیارکراو لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە سەرپێچییەکەی لانەبردبێت).

دووەم: بەندێك بۆ ماددەی (١٣)ی یاساکە زیاد دەکرێت بە ریزبەندی (شەشەم) و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(شەشەم: خاوەنی پرۆژەی سوودمەند لە لێخۆشبوونی گومرگی بەپێبژاردنێك سزا دەدرێت یەکسان بێت بە سێ هێندەی بەهای لێخۆشبوونەکە لە کاتی رەفتارکردنی بەو کەرەستە هاوردەکراوانەی لێخۆشبوون دەیانگرێتەوە بۆ جگە لە مەبەستەکانی پرۆژەکە).

ماددەی (٧):

پیادەکردنی ماددەی (١٤)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دەستەیەکی تێهەڵچوونەوە پێکدەهێنرێت بەسەرۆکایەتی بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کاروباری پیشەسازی و ئەندامێتی نوێنەری هەردوو وەزارەتی داد و دارایی و ئابووری و دەستەی وەبەرهێنان بۆ تێراونین لە نارەزایەتی لەسەر ئەو بریارانەی دەربارەی پرۆژەی پیشەسازی دەرکراون).

ماددەی (٨):

پیادەکردنی بەندی (سێیەم) لە ماددەی (١٥)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(**سێیەم**: کەسی نارەزاییکار رەسمێك دەدات بەبری (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار و وەك داهاتێکی کۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی تۆمار دەکرێت).

ماددەی (٩):

پیادەکردنی ماددەی (٢٠)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(پیادەکردنی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازیی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاوی عێراقی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو رادەگیرێت، و ئەو رێنماییانەی بەپێی ئەوەوە دەرچوون بەرکار دەمێننەوە بەو شێوەیەی ناکۆك نابێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە تاوەکو دەرچوونی ئەوەی جێگەی دەگرێتەوە یان هەڵیدەوەشێنێتەوە).

ماددەی (١٠):

دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێم و ئەوانەی تیایاندا پۆستیان هەیە جێگەی دامەزراوە و فەرمانگە ئیتیحادییەکان و ئەوانەی تیایاندا پۆستیان هەیە دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

ماددەی (١١):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (١٢):

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

ماددەی (١٣):

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

لەپێناو هێنانەدی گەشەسەندنی پیشەسازی لە هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو بەو شێوەیەی بەشدار دەبێت لە چاککردنی بەرهەمهێنان لە رووی بڕ و کوالیتیەوە، و بەمەبەستی پتەوکردنی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی لەو بوارانەی زیاتر گرنگیان هەیە بۆ ئابوریی هەرێمی کوردستان – عێراق، و بە ئامانجی یەکخستنی حوکمە یاساییە بەرکارەکانی سەر پرۆژەکانی وەبەرهێنانی پیشەسازی لە هەرێم و لە عێراق، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.